# ئەنفال لە دۆزی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا
# بڕیارە گەورەو بەناوبانگەکەی ژمارە 4008

عەلی مەحمود محەمەد

ئەنفال بریتی یە لەو جەنگانەی ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانیان لە لەحزەیەکدا بەرەو مەرگ برد ، ئەو لەحزەیە بۆیە بووە بە مێژوییەکی زۆر گرنگی کورد ، بۆیە هەمیشە باسکردنی زیندوییەتی تێدایە و پرسیاری نوێ لەگەڵ خۆی بەرهەم دەهێنێت ، چونکە دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ دواڕۆژ و ئایندەی کورد ، بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی داهاتوو ، بە ئێسکەکانی ، بە پەڕۆ ڕزیوەکانی عەرعەری ، بە قەبارەو ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ، سنووری داهتووی کوردستان دیاری دەکەین .

کەی ئەنفال وەك ئەوەی خۆی هەیە بەفەرمی ناسێنرا لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ، ئەوکات دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە کاری ڕۆژ .

18 ساڵە ئێمەی پاشماوەی قوربانیان لەو کارەساتانە جیا نەبوینەتەوە ، بەردەوام لە گەڵیدا دەژێین ، لەناو نهێنی و یاداوەرییەکانی ژیان بەسەر دەبەین ، لەبەر گەورەیی کارەساتەکە ، هێشتا نەمان توانیووە کۆدی نهێنی ئەو ڕوداوانە بکەینەوە .

ئەنفال پرۆسەی وێرانکردنی دڵڕەقانە و کوشت و بڕی بێ بەزەییانەی سەرجەم گەلێك بوو ، جوگرافیای ناوچەکان ناوی ئەنفالەکانی دیاری دەکرد نەك لێبوردن لە بەشێك گەل ، لە دوای هەر ژمارەیەکی ، سەدان گوندی کاولکراو ، سەدان هەزار دۆنم دارستانی سوتاو و کێڵگەی فەرامۆشکراو ، دەیان کانیاوی تەقێنراوی لە دوای خۆی بەجێ دەهێشت .

ئەو خەڵکە ئەوەندە ژیانیان بێ ئاسۆ بوو ، ئەوەندەی بیریان لە نانە ڕەقێك و پەرداخە ئاوێك دەکردەوە ، نایانتوانی بیر لە مەرگی خۆیان و ، خۆشەویستەکانیان بکەنەوە ، ناخۆشترین شت لە ژیاندا ئەوەیە مردنی خۆت و ئازیزانت پێ بێنرخ بێت .

پرسیارە گەورەکانی ئەنفال بەردەوام لە ناخی پاشماوەی قوربانیانەوە ، لە ناو ئێسك و پرۆسکی ڕوفاتەکانیانەوە زیندوو دەبنەوە ، وەڵامیان لێمان دەوێت ، ملیۆنان پرسیار بە سەدان هەزار ئاواز و سەمفۆنیاوە لە گەروییاندا ڕیزی گرتوەو چاوەڕوانی دەرچونە دەرەوە دەکەن .

ئەم جیهانە گەورەیەی ناوی ئەنفالە ، خاوەند 1 وێنەی بەجێ ماو نییە ، بەڵام خاوەند سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ ، هەموو نهێنییەکانی ، هەموو حەقیقەتەکانی تاکو ئێستاش لەژێر لمەوەیە .

دادگایی فرانس ڤان ئانرات سەلماندی ئەو ئەنفالەی هێشتا خۆمان پەیمان بە گرنگی نەبردووە ، چونکە وێنەیەکی تاوانەکەمان بە دەستەوە نییە بەرزی کەینەوەو پڕ بە پێستی تاوانەکە بێت ، زۆر لەوە گرنگترە هەستی پێ دەکەین ، ئەگەر وێنەشی نەبێت 182000 چیرۆکی لە پاش خۆی بەجێهێشووە .

له دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا , ئەنفال بە تایبەتی ژمارەکانی 3,4,8 وەك كردەی جینۆساید ناسێنران , لەناو هەموو ئەو بەڵگەنامانەی زیاتر کاریگەرییان دانا لەسەر سەلماندنی ئەو كۆمەڵكوژیانەی بەسەر كورددا هاتووە بە جینۆساید , بڕیاری ژمارە 4008 بوو , لەو دادگایە ئەو بڕیارە بە دەستپێك و سەرەتای جینۆسایدكردنی كورد دانرا , باشترین گەورەترین بەڵگەنامە بوو بۆ خوێندنەوەی ویست و ئارەزووكانی بەعس لە جینۆسایدكردنی گەلی كورد .
ڕاستە وێنەكانی هەڵەبجە ( هەڵەبجە وەك تاوانی جەنگ سەیر كرا نەك جینۆساید بە هۆی هاتنی ئێرانەوە , بەڵام تەعامول لەگەڵ قوربانیان وەك جینۆساید سەیركرا ) , برینی قوربانیانی شێخ وەسانان , ژیانی سەختی ئۆردوگا زۆرەملێكان , تەعریب و تەهجیر هەموو بەشێكن لە جینۆساید , بەڵام لەهەمووی گرنگتر بۆ سەلماندنی ویستی بەعس لە جینۆسایدكردنی گەلی كورد بڕیاری 4008 بوو , بۆیە بێ ترس دەتوانیین بڵێین بەڵگەنامەی ژمارە 4008 بەڵگەنامە هەرە گرنگ و كاریگەرەكەی دەست كوردە بۆ بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی گەلی كورد و تاوانبار كردنی سەرانی بەعس بە تاوانی جنۆساید , ئەو بەڵگە نامەیە دەتوانیین بیكەینە بەشێك لە مانفێستی كاركردنمكان بۆ بەجیهانیكردنی ئەنفال
.

تێکستی تەواوی بڕیاری س . ف/٤٠٠٨ لە بەرواری ١٩٨٧/٦
فەرماندەی بیرۆی باکوڕ
سکرتاریەت
بەروار ١٩٨٧/٦/٢٠
ژمارە ٢٠٠٨/٢٨
دەستنوس ش : ٣٨١٠
لە فەرماندەی بیرۆی باکوڕەوە
بۆ : فەرماندەی فەیلەقی یەک ، فەرماندەی فەیلەقی دوو ، فەرماندەی فەیلەقی پێنج .
١٢٥٣٣
١٩٨٧/ ٦/ ٢٣
بابەت : مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گوندانەی کە لەبەر هۆی ئەمنی قەدەغەکراون .
بەهۆی ئەو ڕاستیەی کەوا دوا مۆڵەتی بڵاوکراوەی ڕەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەم گوندانەی لە١٩٨٧/٦/٢١ دا تەواو دەبێ ، بڕیارمان دا کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە ١٩٨٧/٦/٢٢ وە جێبەجێ بکەین :
١ ـ هەمو ئەو گوندانەی کە تێکدەرەکان ـ بەکرێگیراوەکانی ئێران (ینک) . ئەوەی خیانەتکاری(پدک) و خیانەتکارەکانی تری لەو شێوەیە بۆ عێراق ـ هێشتا تیایاندان ، لەبەر هۆی ئەمنی بە قەدەغەکراو دادەنرێن .
٢ ـ بونی مرۆڤ وئاژەڵ بە تەواوی لەم ناوچانەدا قەدەغەیە .وە ئەمانە بەناوچەی ئۆپراسێون دادەنرێن . هێزەکانیش دەتوانن بەئارەزوی خۆیان و بەبێ هیچ ڕێگریەک تەقە بکەن ، ئەگەر بارەگاکەمان هیچ ئامۆژگاری تری نەدابێت .

٣ ـ چوون وهاتن بۆ ئەم ناوچانە ، وە هەروەها هەموو چالاکیەکی کشتوکاڵی ، ئاژەڵداری و پیشەسازی قەدەغە دەبێت و دەزگا پسپۆڕیەکانیش لەسنوری دەستەڵاتی تایبەتیاندا ، چاودێریان دەکەن .

٤ ـ فەرماندەی فەیلەقەکان ، بۆمبارانی گۆترەی ئەوناوچانە دەکەن ، بەبەکارهێنانی تۆپ و کۆپتەرو فڕۆکە لە هەموو کاتەکانی شەو وڕۆژدا،بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی ئەوکەسانەی کەلەناوچە قەدەغەکراوەکاندا هەنبکوژن ، وە ئێمەش لەئەنجامەکانی ئاگادار بکەنەوە .

٥ ـ هەموو ئەوکەسانەی لەو گوندانەدا دەستگیر دەکرێن ، بەهۆی بونیان لەو شوێنانەدا دەگیرێن ، وەلەلایەن دەزگاکانی ئەمنەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت ، وە ئەوانەیش کە تەمەنیان لە نیوان ١٥ ـ٧٠ ساڵیدایە ، پێویستە پاش ئەوەی کە زانیاری بەکەڵکیان لێ وەردەگیرێت ئیعدام بکرێن ؛ ئاگادارمان بکەنەوە .

٦ ـ ئەو کەسانەی کە تەسلیم بە حکومەت یان دەستەڵاتدارەکانی حزبی بەعس دەبنەوە . لەلایەن دەزگاپسپۆڕیەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ماوەیەک ئەوپەڕی ٣ ڕۆژ وە لەوانەشە ئەگەر پێویست بێت بۆ ١٠ ڕۆژ درێژبکرێتەوە ، بەمەرجێک کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئاگادارمان بکەنەوە . ئەگەر لێکۆڵینەوەکە کاتێکی زۆری پێویست بو ، ئەوا پێویستە ڕەزامەندی ئێمە بە تەلەفون ، بروسکە ،یان لەڕێگای هەڤاڵ تاهیرالعانی وە وەربگیرێت .

٧ ـ هەموو ئەو تفاقانەی کە موستەشارەکان ، یان جەنگاوەرەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی بەهی خۆیان دادەنرێن . تەنها چەکی قورس ، دامەزراو ، وەناوەنجی نەبێت ، دەتوانن چەکە سوکەکان بۆ خۆیان هەڵبگرن ، بەڵام تەنها لە ژمارەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە ، پێویستە فەرماندەی بەتالێونەکان بە پەلە ئەم مەسەلەیە لە موستەشارو فەرماندەی لیواو سریەکان بگەینن ، وە پێویستە زانیاری تەواومان دەربارەی چالاکیەکانیان لەناو فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیدا بدانێ .

ئیمزا / عەلی حسن المجید
ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ، سکرتێری باکور *

---

**عێراق و تاوانی جینۆساید – وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز ل79–80–81 .**